دەزگا هەواگریيەکانی هەردوو حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێم کۆبوونەوە



نوسینگەی راگەیاندنی قاسم ئەعرەجی، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی عێراق لە راگەیەندراوەکدا بڵاویکردەتەوە، لەسەرنگی جێبەجێکردنی فەرمانەکانی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق، ئەمڕۆ سێشەممە ئەنجومەنی هەواگریی نیشتمانیی عێراق لە هەولێر لەگەڵ ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی فەرماندەو نوێنەرانی دەزگا هەواگریيەکانی هەردو حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم هەروەها بە ئامادەبوونی قاسم ئەعرەجی و ڕێبەر ئەحمەد، وەزیری ناوخۆی هەرێم، کۆبونەوە.

بەگوێرەی راگەیەندراوەکە، لە کۆبونەوەکەدا چەند بابەت و پرسەکی جێی بایەخی هاوبەش تاوتوێ کراون لێنوێیاندا ئەو ئاماژەنگاریيانەی ڕوبەڕووی چەند دەسیسەیەکی هاوبەشی نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێم دەبنەوە، ئەوەش لەپێناو دەزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ ئەو ئاماژەنگاریيانە.

وەك لە راگەیەندراوەکەدا هاتوە، بەشدارانی کۆبونەوەکە تاوتوێی بەردەوامیی هەماهەنگی هاوبەش، ئاوگەڕی زانیاری و گرنگی یەکخستنی گەڕپانی کاری هەواگریيان کردوە ئەوەش لەپێناو کامەکردنی ئەدای چالاکییە ئەمنی و هەواگریيەکان.

هەر بەپێی راگەیەندراوەکە، لە کۆبونەوەکەدا ڕەکەوتن کرا لەسەر بەردەوامی کۆبونەوەو دیدارەکان لەپێناو عێراقێکی یەکگرتو و ئاسایشێکی بەردەوام.